ص٤

# دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بە پێی بیردۆزی خاڵی پچڕاندن

م.ی. محمد وتمان محمد
زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا

## پوختە

لێکۆڵینەوە لە هەرێمی شار جێگایەکی تایبەت داگیر دەکات لە جوگرافیای شار، هەرێمی شار جۆرێکە لە جۆرەکانی هەرێم لە جوگرافیادا بەڵام جیاوازە لە هەرێمی بەرزی و نزمی و هەرێمی ئاووهەوایی ....هتد، بەڵکو هەرێمێکی ڕێك و پێکە (منظم) لە دروستکراوەکانی مرۆڤە و جێگیر نیە زیاتر لە هەرێمێکی ئابوری دەچێت لەسەر بنچینەی بەرهەم و دابەش بوونی جوڵە، ئاماجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکردنی هەرێمی شای ڕانیەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە بەکارهێنانی ڕیگای ئاماری ئەویش بیردۆزی خاڵی پچڕاندنە (نقطة القطع) بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بۆئەوەی بزانین هەرێمی شارەکە تا کوێ ڕیشتوە و درێژبۆتەوە، و رووبەری هەرێمی شارەکە چەندە و چەند کایگەری هەیە لەسەر شارەکانی دەوروبەری خۆی.

بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجەش توێژەر میتۆدی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بەکارهێناوە لەگەڵ شێوازی چەندێتی لەدیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بەبەکارهێنانی ئاماری دانیشتوان و ماوەی دوری شار.

لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە فراوانی ڕووبەری هەرێمی شار پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتوانی شارەکەوە، هەتاوەکو ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زۆرتر بێت بەراورد بە شارەکانی تر ئەوا ڕووبەری هەرێمی شارەکە فراوانتر دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە، بەئاگاداربوون لە دووری ماوەی نێوان شارەکان، هەروەها سنوری هەرێمی شاری ڕانیە نەکەوتووە سەر سنوری شارەکەو گەورەترە.

**پێشەکی**

لێکۆڵینەوە لە هەرێمی شار جێگایەکی تایبەت داگیر دەکات لە جوگرافیای شار، هەرێمی شار لەسەر پەیوەندی و کارلێکی نێوان شار و شوێنی لێکۆڵینەوە وەستاوە[1]، هەرێمی شار جۆرێکە لە جۆرەکانی هەرێم لە جوگرافیادا بەڵام جیاوازە لە هەرێمی بەرزی و نزمی و هەرێمی ئاووهەوایی ....هتد، بەڵکو هەرێمێکی ڕێك و پێکە (منظم) لە دروستکراوەکانی مرۆڤە و جێگیر نیە زیاتر لە هەرێمێکی ئابووری دەچێت لەسەر بنچینەی بەرهەم و دابەش بوونی جوڵە[2]، شارەکان گرنگترین ناوەندی ژیانی مرۆڤن و بەردەوام لەجوڵەو پێشکەوتن دان و پەیوەندی و کارلێکی پتەوی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری هەیە، بۆیە بەردەوام شارەکان جێگەی گرنگی پێدان و لەژێر لێکۆڵینەوەی زۆرێك لە پسپۆڕانی بواری دیمۆگرافی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵناسی و پلان ڕێژەرانی شاردا بووە، شاری ڕانیەش وەك هەر شارێکی تر، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی، هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام لەجوڵەو فراوان بوون و پێشکەوتندا بووە لەڕووی دیموگرافیی و ئابووری یەوە، بۆیە کاریگەرییەکەی زیاتر بووە بەراورد بەشارەکانی دەوروبەری خۆی لەسەر ناوچەکانی نزیك خۆی، بەتایبەت قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە لایەنێکی پڕ بایەخ و کاریگەر لە بابەتی جوگرافیای شار تاوتوێ دەکات ئەویش هەرێمی شارو دیاریکردنییەتی، هەرێمی شاریش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەپلاندانان و پەرەپێدان و پلاندانانی هەرێمیەوە هەیەن، ناوچەی لێکۆڵینەوەش (شاری ڕانیە) لە ڕووی دانیشتوانەوە ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی هەیە و پێویستی بەوە هەیە کە پلانێکی تۆکمەی بۆ دابنرێت.\

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

ئاماجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکردنی هەرێمی شای ڕانیەیە، چەندین ڕێگا هەیە بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار وەك خزمەتگوزاری و فێرکردن و تەندروستی و خۆشگوزەرانی و هتد.... وە یان بەکارهێنانی ڕێگای ئاماری، لەو لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە بەکارهێنانی ڕیگای ئاماری ئەویش بیردۆزی (خاڵی پچڕاندن)ە (نقطة القطع) بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بۆئەوەی بزانین هەرێمی شارەکە تا کوێ ڕیشتوە و درێژبۆتەوە، و ڕووبەری هەرێمی شارەکە چەندە و چەند کایگەری هەیە لەسەر شارەکانی دەوروبەری خۆی، بەو مەبەستەی بەرچاوڕوونی هەبێت بۆ پلان ڕێژی کردنی شارەکە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستی بەوە هەیە کە میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنێت، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە توێژەر میتۆدی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بەکارهێناوە لەگەڵ شێوازی چەندێتی لە دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بەبەکارهێنانی ئاماری دانیشتوان و ماوەی دوری شار.

(١) أحمد على اسماعيل، دراسات فى الجغرافية المدن، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، القاهرة، ١٩٨٨، ص٢١٧.

(٢) جمال حمدان، جغرافية المدن، عالم الكتب، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٧٧، ص٣٧٤.

**گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:**

١- .هاوڕێك نەبوونی سنوری کارگێڕی قەزای ڕانیە و هەرێمی شاری ڕانیە .

٢- .سنوری هەرێمی شاری ڕانیە گەورەترە لە سنوری شارەوانی شاری ڕانیە.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پوختەی پلانەکە دابەش کراوە بۆ پێشەکیەك و سێ باس و دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان، باسەکانی لێکۆڵینەوەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە:

**باسی یەکەم: لایەنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

**باسی دووەم: هەرێمی شار و پەیوەندیەکانی:**

تەوەری یەکەم: هەرێمی شار

تەوەری دووەم : پەیوەندی نێوان شار و هەرێمی شار

**باسی سێیەم : هەرێمی شاری ڕانیە:**

تەوەری یەکەم: دیاریکردنی هەرێمی شار

تەوەری دووەم: هەرێمی شاری ڕانیە

## باسی یەکەم / لایەنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە

شاری ڕانیە سەنتەری قەزای ڕانیەیەو دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە، لەگەڵ یەکە کارگێڕیەکانی دەوروبەردا لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای لەگەڵ ناحیەی سەرکەپکان هاوسنورە و لەباکورو ڕۆژهەڵاتیەوە لەگەڵ ناحیەی سەنگەسەر هاوسنورە، کەسەر بەقەزای پشدەرەو لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ دەریاچەی دووکان، لە ڕۆژئاوای هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی چوارقورنە، نەخشەی(١)[1].

هەروەها شاری ڕانیە دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی و بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، نەخشەی(٢)، سەبارەت بەپێگەی ئەسترۆنۆمی شاری ڕانیە، دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ٣٦:١٣:٣٠ بۆ ٣٦:١٧:١ °ی باکور و هێڵی درێژی ٤٤:٥١:٠٠ ° بۆ ٤٤:٥٤:٣١ ی ڕۆژهەڵات، نەخشەی (٣).

لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە شاری ڕانیە دەکەوێتە باکوری دەشتی بیتوێنەوە، لە باکوریەوەزنجیرە چیای کێوەڕش و لە ڕۆژهەلاتیش چیاکانی ئاسۆس و کۆلارەیەو لەڕۆژئاوەیەوە زنجیروچیاکانی ماکۆکەو لە باشوریەوە بەرزایەکانی کۆلێنەوە[2].

شاری ڕانیە هەرلەکۆنەوە شوێنێکی گرنگی هەبووە، چونکە وەك ئەڵقەیەکی پەیوەندی وابووە، بەهۆی ئەوەی ئەو کاروانە بازرگانیانەی کە لە کۆیەوەبە(ڕانیە) دا تێدەپەرن و لەوێشەوە بەرەو قەلادزێ دواتریش بەرەو شاری (سەردەشت)ی ئێران دەڕۆن، واتە شاری ڕانیە کەوتوتە سەرێگای بازرگانی نێوان وولاتی عێراق و ئێران ئەمەش وای کردوە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی هەڵکەوتەی شوێنییەوە بایەخێکی گرنگی هەبێت بەتایبەتی لەبواری بازرگانی[3].

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی شاری ڕانیە لەڕووی دابەشکاری بەرزی و نزمیەوە لەسەر دەشتی ڕانیە هەڵکەوتووە و یەکێکە لە شارەکانی دەشتی شاخاویی پێچ خواردووی ساکار و ناوچەی شاخاوی پێچ خواردووی ئاڵۆزەوە[4]، دەشتی ڕانیە درێژیەکەی لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا (٣٠) کم و پانیەکەشی (٢٠–٣٠)کم دەبێت، و نزیکەی (٥٠٠–٦٠٠) م بەرزە لەئاستی ڕووی دەریاوە[5]، ڕووبەرەکەشی نزیکەی (٨٠٠)کم٢ دەبێت[6]، زێی بچوك لەدەربەندی قەلادزێ ئەم دەشتە دەبریت ئەمە جگە لەتێپەڕبوونی هەندێ چەم و کانی پێیدا، بەڵام بۆ کشتوکاڵ کردن سود لە ئاوی زێ ی بچوك وەرناگیرێت تەنها لەهەندێ بەشی بچوکی دەشتەکە نەبێت، لەبەشی باشوری دەشتەکە بەنداوی دوکان دروست کراوە و هەندێ بەشی بە ئاوی دەریاچەی دوکان داپۆشراوە، شاری ڕانیەش گرنگترین مەڵبەندی دانیشتوانی دەشتەکەن[7].

---

(١) پشت بەست بە نەخشەی ژمارە (١).

(٢) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، ل٥، (بڵاونەکراوە) .

(٣) پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧–٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، ل٧، (بڵاوکراوە).

(٤) خەبات عەبدوڵڵا، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٥–١٤٦.


(٥) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كردستان، مركز للدراسات الآستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص٧٦.

(٦) هەلەت رشيد عبدالله، علاقة المناخ بانتاج التبغ في المحافظة السليمانية، رسالة الماجستير، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٦، ص١٥، (غير منشوره).

(٧) ساکار محمد حسن گەردی، ڕۆڵی دانەوێڵە لەدەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك لەهەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٧٤–٧٥.

نەخشەی (١)

ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی سەنتەری ناحیەو یەکەکارگێڕیەکانی دەوروبەری لەساڵی ٢٠١٠





سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ١٠.٣ ArcGis ArcMap پشت بەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، ٢٠١٠.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، ٢٠١٠.

نەخشەی (٢)

ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان





سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٣ پشت بەست بە:

١– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو.

٣– .هاشم یاسین حمدأمین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق _ عێراق و جیهـان، چـاپی یەکـەم، هـەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩.

نەخشەی (٣)

نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ١٠.٣ ArcGis ArcMap پشت بەست بە:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو.

سەبارەت بە ئاووهەوای شاری ڕانیە بەگشتی، ئاووهەواکەی لە جۆری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستە، واتە زستان سارد و باراناوییە، بەشێوەیەکی بەرچاویش لە زستاندا بەفر لەسەر چیاکانی دەوروبەری دەبارێت، هاوینیشی گەرم و وشکە زۆربەی باران بارینی ناوچەکە لە جۆری بارانی بەرزە هەرێم و گەردەلوولە بارانە، جگە لە بارانی بەرزەڕۆ کە لە وەرزی بەهاراندا لە ئاکامی گەرم بوونی زەوی دەبارێت، کە دەبێتە هۆی باران بارینێکی زۆر بۆ ماوەیەکی کورت و زۆرجار تەرزەی لەگەڵ دایە، لەڕوی سامانی ئاوەوە لەناو سنەتەری ڕانیەدا، چەند سەرچاوەیەکی ئاو هەیە، هەر لەکۆنەوە تاوەکو ئێستاش سوودی لێ وەرگیراوە بۆ بوارەکانی خواردنەوە و کشتوکاڵ، بەتایبەتی لەبەرهەمهێنانی بەروبوومیی هاوینەدا، گرنگترینیان سەرچاوەی ئاوی قولە و کوێرەکانی و کانی مەلا سلێمان و سەرچاوەی ڕەشە مێرگە، بێجگە لەسەرچاوەی ئاوی قولە ئەوانی تر هەموویان وەرزین، قولە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی شارەکەیە و ڕێژەیەکی زۆری ئاو لەوەرزەکانی ساڵدا لەبەر دەڕوات[(١)].

سەبارەت بەڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە پێی نەخشەی بنەڕەتی ساڵی(٢٠١٠)، ڕووبەرەکەی (١٥,٦٥کم$^{٢}$)یە[(٢)]، کەئەمەش دەگاتە نزیکەی (١,٩٢٪) ی کۆی ڕووبەری قەزای ڕانیە کە ڕووبەری قەزای ڕانیە (٨١٣,٨کم٢)یە[(٣)]، نەخشەی (٣).

## باسی دووەم / هەرێمی شار و پەیوەندیەکانی

### تەوەری یەکەم : هەرێمی شار

هەر شارێك قەبارەکەی هەر چەندێك بێت پەیوەندی ئاڵوگۆڕکاری لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا هەیە، شارەکان ڕووبەرەکەی بە پێی قەبارەی شارەکە دیاری دەکرێت کە ناودەبرێت بە (هەرێمی شار ) یان شاری دەرکەوتوو یان شاری دەسەڵاتدار[(٤)].

(جفرسۆن) دەڵێت جەوهەری شار خزمەتکردنە بە ناوچە لاوەکیەکانی دەوروبەری، یەکێك لە فەرمانە سەرەکیەکانی شار ڕەگەزی هەرێمیە، بۆیە ناتوانین بە تەواوەتی لە شار تێ بگەین تاوەکو لێکۆڵینەوەیەکی وورد نەکەین سەبارەت بەپەیوەندی شار لەگەڵ گوند و دەوروبەری، بەشێوەیەکی گشتی پیشەی شار دابەش دەبێت بەسەر دوو بەش دا پیشەی ناوخۆ و پیشەی هەرێمی، سەبارەت بە پیشەی ناوخۆ مەبەست لێی ئەو خزمەتانە کە پێشکەشی دانیشتوانی ناوخۆی شارەکە دەکات، بەڵام مەبەست لە پیشەی هەرێمی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە بۆ دانیشتوانی دەرەوەی شار[(٥)].

دەتوانین هەرێم دابەش بکەین بۆ دوو بەش، بەشی یەکەمیان ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دەوروبەری شارەکە و پەیوەندی بەشارەکەوە هەیە یان ئەوەی کە لە (٨٠ ٪) دانیشتوان لەو بەشە هاتووچۆی شار دەکەن بەمەبەستی بەدەستهێنانی

(١) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە،٢٠١٠، بەپێوەری ١:٥٠٠٠.

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، پرۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، تشرینی دووەمی٢٠٠٨، ل٣١.

(٤) عبدالحكيم ناصر العشاوي، جغرافية المدن، المكتبة الجامعي الحديث، ٢٠٠٨، ص١٤٣.

(٥) محسن عبدالصاحب المظفر، جغرافية المدن، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠١٠، ص٢٦٠–٢٦١.

کەل و پەل و خزمەتگوزاریەکان، بۆیە هەندێك جار پێی دەووترێت ناوچەی پەیوەستی شار (پەیوەندی دار بە شار)، بەشی دووەم ئەو ناوچەیەیە کە نزیك نیە لە شار و پەیوەست نیە بە شارەکەوە لەبەرئەوە ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوان پەیوەندی هەرێمیان هەیە لەگەڵ شارەکەدا، وە ڕێژەیەکی تری دانیشتوان پەیوەندیان لەگەڵ شارێکی تردا هەیە[1].

هەروەك دەزانرێت کە شارەکان ڕووبەرێکی زەوییان داگیر کردووە و خزمەت پێشکەش دەکات وە پشت بە ناوچەکانی دەروبەری خۆی دەبەستێ، چونکە شارەکان ناتوانن بژین بەتەنها بەدەرامەتی شارستانی، بۆیە هیچ کات پەیوەندی لەنێوان شار و هەرێمەکەی ناپچڕێت، هەروەها ناکرێت تەنها پەرە بەشار بدرێت بەبێ پەرەپێدان بە هەرێمەکەی[2].

**تەوەری دووەم : پەیوەندی نێوان شار و هەرێمی شار**

پەیوەندیەکانی نێوان شار و هەرێم جۆراو جۆرەو جیاوازن و تێکەڵاون، دەتوانین پەیوەندیەکانی نێوانیان دابەش بکەین بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیانەی خوارەوە :-

١- .پەیوەندی ئابووری:

پەیوەندیە ئابووریەکان دابەش دەبن بۆ سەر سێ پەیوەندی سەرەکی ئەوانیش، پەیوەندی ( بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی ) [3]:

أ-. .پەیوەندی بازرگانی: بازرگانی گرنگترین پەیوەندی پیشەییە لەنێوان شار و هەرێم، لەبەرئەوەی شار ناوەندی پەیوەندیە بازرگانیەکانی بەشەکانی هەرێمەکەیە، وەك گوندەکان و شارە گەورەو و بچووکەکان، وە ئەم پەیوەندیەش تەواو دەبێت لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستیەکانی گوندەکان لەسەنتەرەکانی فرۆشتنی تاك لە شار، ئەمەش بەهۆی هاتووچۆی ڕۆژانە و هەفتانە، هەروەها شارەکان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پیشەی فرۆشتی کۆ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی کەل وپەل و کۆگاکان و دابەش بوونی بازرگانی تاك لە هەرێمەکە.

ب-..پەیوەندی پیشەسازی : پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان شار و هەرێمی شار لەبواری پیشەسازی، چونکە پیشەسازی لە شارەکان پێویستیان بە کەرەستەی سەرەتایی ( خاو) هەیە لە ناوچەکانی هەرێم وەك کەرەستەی کشتوکاڵی و خۆراك و لۆکە و گۆشت ...هتد... هەروەها شارەکانیش دەبێتە بازاڕێکی ساغکەرەوەی پیشەسازیەکان ئەمەش دەستی کاری شارەزا لە چالاکی پیشەسازی زیاد دەکات وەهەروەها پەیوەندیەکە توندو تۆڵ تربوو لەم ساڵانەی کۆتاییدا بەتایبەت بۆ دامەزراندنی پیشەسازیەکان لە نزیك گوندەکان ئەمەش بۆ سود وەرگرتن لە فراوانی ناوچەکە و نزمی نرخی زەوی و کەمی باج و کەمکردنەوەی پیس بوونی هەوای شار .

ت-..پەیوەندی کشتوکاڵی : گوندەکان بەرپرسی سەرەکی دابینکردن و زیادکردنی خۆراك و کەرەستەی کشتوکاڵی و بەرهەمی ئاژەڵین بۆ شارەکان، واتا گوندەکان خۆراك پێدەری شارەکانن، وە شارەکان بازاڕێکی گەورەی بەکاربەری خۆراکن، ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزە لەنێوان بەرهەمی هەرێم و پێداویستی بازاڕی شار .

---

(١) صبري فارس الهيتي، جغرافية المدن، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠١٠، ص٢٢١.

(٢) عبدالحكيم ناصر العشاوي، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٤٣.

(٣) عبدالحكيم ناصر العشاوي، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٥٠-١٥١.

٢- .پەیوەندی دانیشتوان:

پەیوەندی نێوان شار و هەرێمی شار لەڕووی دانیشتووانەوە پەیوەندیەکە بەردەوام لە جوڵە دایە وزۆر بەهێز و ئاڵۆزە، بەهۆی پێشکەوتنی شارستانی و تەکنەلۆجیا و گواستنەوە کە ئەمەش پەیوەندیەکی جیهانیە و لە کۆنەوە هەبووە ئەمە پەیوەندییە دوو ئاڕاستەی وەرگرتووە:

أ-. جوڵەی ڕۆژانەی کرێکار : بریتیە لە جوڵەی کرێکاران لە نێوان شار و هەرێم ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی تۆڕەکانی هاتووچۆ کەماوەی نێوان شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی کاری کرێکاری کەم کردۆتەوە .

ب-..کۆچ کردن لە گوندەوە بۆ شار: شارەکان سەنتەری نشینگەیی شارستانین بەراورد بە هەرێمەکەی، وەهەروەها ناوچەیەکی ڕاکێشانی دانیشتووانن، چونکە شارەکان هەلی کارکردنی زۆری تێدایە و دەوڵەمەندە بە خزمەتگوزاری جۆراو جۆر، ئەمەش وایکردووە کە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری بەبەردەوامی ڕووی تێبکەن، جگەلەوەش، لە ڕووی ئابوورییەوە شارەکان دەوڵەمەندترن و ژینگەیەکی ئامادەکراون بۆ کۆچی کۆچبەران[١].

٣- .پەیوەندی کارگێڕی و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری :

شارەکان مەڵبەندێکی کارگێڕین بۆ خودی سەنتەری شار و گوندەکان و دەوروبەری، کە دامەزراوە حکومیەکان لە شارەکان دا کۆبوونەتەوە، نەک تەنها دانیشتوانی شار بەڵکو دانیشتوان لە گوندەکان و دەرەوەی شاریش بۆ ئەنجامدانی ئیش و کارەکانیان سەردانی دامەزراوە حکومیەکان دەکەن لە شارەکان دا، هەروەها پەیوەندیە ڕۆشنبیریەکانیش خۆی لە قوتابخانە و خوێندنگاکان و زانکۆکان و پەیمانگاکان و کتێبخانەکان و دەزگا فێرخوازیەکانی تردا دەبینێتەوە، وە پەیوەندیە خزمەتگوزاریەکانیش بریتین لە خزمەتگوزاری تەندروستی و بازاڕەکان و ناوچەکانی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری گواستنەوە و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان[٢]، ئەم پەیوەندیانەش لەو کاتانەدا بەرجەستە دەبێت کە ئەم خزمەتگوزارییە کەمەی لە گوندەکان دا هەیە پێداویستیەکانی دانیشتووانی گوند پڕناکاتەوە، بۆ نمونە خوێندن تا قۆناغی بنەڕەتی لە گوندەکان دا هەیە خوێندنی باڵا (زانکۆ) لە شارەکان دا کۆبوونەتەوە، هەروەها شارەکان شانۆو سینەما و یانەکان لەخۆ دەگرێت وە سەنتەری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە شارەکانن، وە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە شارەوە بۆ هەرێمی شار پەیوەندی نێوانیان پتەوتر دەکات[٣]، بۆیە دانیشتوانی گوندەکان ڕۆژانەو هەفتانە بەردەوام هاتوچۆی شار دەکەن بەمەبەستی سود وەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکانی خوێندن و تەندروستی و کاروبارە کارگێڕیەکان و ....هتد.

(١) خالص حسن الاشعب، إقليم المدينة (بين التخطيط الاقليمي والتنمية الشاملة)، بيت الحكمة، مطابع التعليم العالي، الموصل، ص١٧٦.

(٢) عبدالحكيم ناصر العشاوي، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٥٢-١٥٣.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : جمال حمدان، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص٣٢٧-٣٢٩.

# باسی سێیەم / هەرێمی شاری ڕانیە

## تەوەری یەکەم : دیاریکردنی هەرێمی شار

زۆر بەکارهێنانی هەرێمی شار لەسەرەتادا کۆمەڵێك بواری گرتەوە، بەتایبەت لەم ساڵانەی کۆتاییدا وە جیاوازیش هەبوو لە نێوان بەکارهێنانی هەرێم وەك هەرێمی سروشتی و ئابوری و کارگێڕی و پلان بۆ دانراوو شارستانی و تێکەڵاوی، ئەمەش تایبەتمەندی هەرێمەکە، جۆری هەرێمەکە دیاری دەکات، کە دەکرێت ئەرك و پیشەکەی خۆی پیادە بکات بۆ پارێزگاری کردن لە ئامانجەکانی پلاندانانی شارستانی و هەرێمی و نەتەوەیی، ئەمەش زادەی گرنگی پلاندانانی هەرێمیە کە بەهۆی لێکۆڵینەوە لە شار و هەرێمەکەی یان هەرێمەکان بە گشتی دەردەست، دەبێت بۆیە ناکرێت هیچ کات پەیوەندی نێوا شار و هەرێم بپچڕێت[1].

گرنگی دیاریکردنی هەرێمی شار لەوەدایە بۆئەوەی بەکردار کار لەسەر پەرەپێدانی بەهای شار بکرێت بۆ پەرەپێدان و خزمەتکردنی هەرێم لە ڕووی چالاکی ئابوری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، وە هەروەها پەرەپێدانی تۆڕەکانی پەیوەندی و گواستنەوە بەشێوەیەکی کرداری و وە پەرەپێدانی سەرجەم جومگەکانی ژیان، تاوەکو شار ببێتە ڕەگەزێکی سەرەکی لە هەرێمەکەدا[2].

سەبارەت بە دیاریکردنی هەرێمی شار بیروبۆچوونەکانی زانایان و پسپۆڕان جیاوازن بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار[3]، تاوەکو پەیوەندی و کارلێکی نێوان شار لەگەڵ دەوروبەری بەهێز و کارا بێت، ئەوەندە زیاتر ئاسانتر هەرێمی شارەکە دیاری دەکرێت، وە ئەگەر بە پێچەوانەوەش بوو، پەیوەندی نێوان شار لەگەڵ دەروبەری لاواز بوو ئەوا بەئاسانی هەرێمی شارەکە دیاری ناکرێت، و کێبڕکێ دروست دەبێت لەگەڵ شارەکانی تر لەسەر هەرێمەکە، وەهەروەها لەنێوان هەرێمە جوگرافیە گەورەکانیش پشتێنەی سنوری هەرێمی گوازراوە دروست دەبێت[4].

دیاریکردنی هەرێم بۆ شار گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ڕەنگڕێژیەکی بنەڕەتی شار و هەرێمەکەی، و بۆ پارێزگاری کردن لە ئامانجی پەرەپێدانی گشتگیر، دیاری کردنی هەرێمی هەر شارێك پشت دەبەستێت بە دیاریکردنی پشتێنەی دابەشبوونی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە شار و بە گوند و دەوروبەری و بەشەکانی تری هەرێم، کە دەکرێت شاری بچووکیش بگرێتەوە، چەند ڕێگایەکمان هەیە بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار وەك :

(١) خالص حسن الاشعب، إقليم المدينة (بين التخطيط الاقليمي والتنمية الشاملة)، المصدر السابق، ص١٣.

(٢) عادل عبدالله خطاب، جغرافية المدن، مطابع التعليم العالي، الموصل، ١٩٩٠، ص١٦٤.

(٣) سعدی محمد صالح سعدی، التخطيط الاقليمي (نظرية، توجه، تطبيق)، بيت الحكمة، مطابع التعليم العالی، الموصل، ١٩٨٩، ص٣٣.

(٤) أحمد علی اسماعيل، دراسات فی الجغرافية المدن، المصدر السابق، ص٢١٧.

١- دیاریکردنی هەرێمی شار بە پێی پیشەی سەرەکی.

٢- دیاریکردنی هەرێمی شار بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی ئاماری و بیرکاری[1].

بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە ڕێگای ئاماریمان گرتۆتەبەر، بەهۆی بیردۆزێك ئەویش بیردۆزی (خاڵی پچڕاندن)ە، ئامانجی ئەم بیردۆزە دیاریکردنی خاڵێکە لەنێوان دوو شاردا کە هەرێمی هەردوو شارەکە لەیەکتری جیا دەکاتەوە، یان بەمانایەکی تر، ئامانجی دیاریکردنی خاڵێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان ئەو دانیشتوانەی کە دەچن بۆ شار بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری، و ئەو دانیشتوانەی کە دەچن بۆ شارێکی تر بۆ بەدەستهێنانی هەمان خزمەتگوزاری یان خزمەتگوزاری جیاواز[2].

ئەمەش بە پێی ژمارەی دانیشتوان و ماوەی نێوان شارەکان یان ئەو دوو شارە دەبێت بە پێی ئەم یاسایە[3]:

$$\text{دووری لەشاری بچوك} = \frac{\text{دووری نێوان دوو شار}}{١+\sqrt{\dfrac{\text{دانیشتوانی شاری گەورە}}{\text{دانیشتوانی شاری بچوك}}}}$$

بۆ نمونە ئەگەر شاری (أ) (٦٠,٠٠٠) کەس بێت و دانیشتوانی شاری (ب) (١٧٥,٠٠٠) کەس بێت وە دووری نێوانیشیان (١٥٠ کم) بێت ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە هەرێمی شاری (أ) و (ب) دیاری دەکەین[4].

$$\text{دوری لەشاری (ب)} = \frac{١٥٠}{\sqrt{\dfrac{١٧٥٠٠٠}{٦٠٠٠٠}}+١} = \frac{١٥٠}{\sqrt{٢.٩١٦}+١} = \frac{١٥٠}{١.٧٠٧+١} = ٥٥,٤$$ کم. دووری لەشارە بچوکەکە.

هەوالنامەی کتێب

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صبري فارس الهيتي، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص٢٢٣-٢٢٤، و عبدالحكيم ناصر العشاوي، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٤٥.

(٢) أحمد علي اسماعيل، دراسات في الجغرافية المدن، المصدر السابق، ص٢٢٩.

(٣) عادل عبدالله خطاب، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٦٥.

(٤) كايد عثمان أبو صبحة، جغرافيا المدن، دار وائل للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٣، ص١٨٠-١٨١.

**تەوەری دووەم: هەرێمی شاری ڕانیە**

دوای خستنە ڕووی بیردۆزی خاڵی پچڕاندن و یاساکەی بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار، لێرەدا بیردۆزی خاڵی پچڕاندن جێبەجێ دەکەین بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە، بەهۆی دیاریکردنی خاڵ لەنێوان شاری ڕانیە و ئەو شارانەی دەوروبەری کە لەخۆی بچووکترە کە سەنتەری قەزاو ناحیەن، وەك لە خشتەی ژمارە(١) دا ڕوونکراوەتەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان و ماوەی دووریان لە شاری ڕانیە، دواتر بەهۆی هێڵێك سەرجەم خاڵەکانی نێوان شاری ڕانیە و شارە بچووکەکان بەیەك گەیاند بەم کردارەش هێڵێکی داخراومان بۆ دروست دەبێت کە هەرێمی شاری ڕانیەمان بۆ دیاری دەکرێت وەك لە نەخشەی ژمارە (٤) دا دیارە، دوای دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بۆمان دەردەکەوێت کە:

یەکەم : ڕووبەری هەرێمی شاری ڕانیە (١٠٣١,٤) کم٢[١]، کە دەکاتە (١٢٦,٧ ٪) ڕووبەری قەزای ڕانیەیە کە ڕووبەرەکەی (٨١٣,٨) کم٢[٢]، واتا ڕووبەری هەرێمی شاری ڕانیە گەورەترە لە ڕووبەری قەزاری ڕانیە ئەمە لە کاتێك دایە ڕووبەری شاری ڕانیە( ١٥,٦٥ کم٢ )یە[٣][*٤].

دووەم : لە نەخشەی ژمارە (٣) بۆمان ڕوون دەبێتەوە سنوری هەرێمی شاری ڕانیە نزیك بۆتەوە لەو شارانەی کە ژمارەی دانیشتووانیان کەم و دووری ماوەی نێوانیان کەمە وەك سەنتەری ناحیەی سەرکەپکان وە هەروەها سنوری هەرێمی شاری ڕانیە لەو شارانە دوورکەوتۆتەوە کە ژمارەی دانیشتوانیان بەرزە و ماوەی دووری نێوان زۆرە وەك سەنتەری ناحیەی پیرەمەگرون.

(١) دەرهێنانی ڕووبەر لەسەر نەخشە بەهۆی بەکارهێنانی ڕێگای چوارگۆشە، بڕوانە: فلاح شاکر اسود، علم الخرائط (نشأته وتطوره و مبادئه)، بيت الحكمة، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٩، ص٢٧١–٢٧٢. و بەکارهێنانی ArcGIS ArcMap ١٠.٣

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو.

(*) بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە، هەرێمی شاری ڕانیەمان دیاری کردووەوە سەبارەت بە هەریەك لە ناحیەکانی سەربەقەزای (ڕانیە و پشدەرو دوکان)، واتە تەنها ئەو قەزایانەی کە نزیکن لەشاری ڕانیە و کە سەر بەپارێزگای سلێمانین وەرمان گرتووە.

**خشتەی (١)**

**بیردۆزی خاڵی پچڕاندن بۆ دیاری کردنی هەرێمی شاری ڕانیە و جێبەجێکردنی لەسەر سەرجەم ناحیەکانی قەزای ڕانیە و پشدەرو دوکان**

| قەزا | ناحیە | ژمارەی دانیشتوان | ماوەی نێوان شاری ڕانیەو شارەکانی تر بە (کم) | جێبەجێکردنی بیردۆزی پچڕاندن ماوەی نێوان شاری ڕانیە و شارەکانی تر بە (کم) |
|---|---|---|---|---|
| ڕانیە | ڕانیە | ٧٤٠٩٣ | ----- | ----- |
| | چوارقورنە | ٣٧٤٣٦ | ٦ | ٢,٥ |
| | حاجی ئاوا | ٤٤١٥١ | ١٠ | ٤,٣ |
| | بیتواتە | ١٢٠٥١ | ١٦ | ٤,٦١ |
| | سەرکەپکان | ٢٢٣١ | ٦ | ٠,٩ |
| پشدەر | قەلادزێ* | ٦١٠٣٨ | ٢٨ | ١٣,٣ |
| | مێرۆ | ٥٥٣ | ٤٦ | ٣,٦٥ |
| | هەلشۆ | ٢٤١٢ | ٤٠ | ٦,١١ |
| | ژاراوە | ٧٤٦٠ | ٢١ | ٥,٠٦ |
| | ناودەشت | ٨٢٥٢ | ١٤ | ٣,٥ |
| | ئیسێوێ | ٤٦١ | ٤٩ | ٢,٩٩ |
| دوکان | دوکان | ٨٦٤٧ | ٣٦ | ٩,١٨ |
| | سورداش | ١٠٥١ | ٥٠ | ٥,٣٢ |
| | پیرەمەگروون | ٢٣٠٠٦ | ٦٥ | ٢٣,٢٩ |
| | خەلەکان | ٢٤٥٠ | ٢٦ | ٤ |
| | خدران | ١٠٢٣ | ١٨ | ١,٨٩ |
| | بنگرد | ١٠١١ | ٢٨ | ٢,٩٢ |


کاری توێژەر پشت بەست بە :

١. .حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی کاری ژمارەلێدان و گەمارۆ (الحصر والترقیم) تایبەت بە سەرژمێری گشتی دانیشتووان بۆ شارنشین و گوندنشینی پارێزگای سلێمانی بە پێ ی قەزا و ناحیە و شارەوانی، ٢٠٠٩.

* قەلادزێ: سەنتەری قەزای پشدەرە و ژمارەی دانیشتوانی بەرزە، لەم توێژینەوەیەدا هەژمارمان نەکردووە بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە، چونکە هەرێمێکی زۆر نارێك دروست دەبوو، بەتایبەت بۆ خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ڕانیە – (هەلشۆ، مێرۆ، ئیسێوە)، لەنەخشەی (٤) بەڕوونی دەردەکەوێت.

نەخشەی (٤)

دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٤.١ پشت بەست بە:

١- .خشتەی ژمارە (١)

٢- .حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو.

## دەرئەنجام

١- .شارەکان و ناوچەکانی دەوروبەری شار پەیوەندیەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە لەڕووی ئابووری و ئیداری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، وەهەروەها جوڵەی دانیشتوان لەنێوان شارو هەرێمی شار پەیوەندیەکی پتەوو بەهێزە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەندی دانیشتوانمان وەرگرتووە بۆ دیاری کردنی هەرێمی شاری ڕانیە.

٢- .فراوانی ڕووبەری هەرێمی شار پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتوانی شارەکەوە، هەتاوەکو ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زۆرتر بێت بەراورد بە شارەکانی تر ئەوا ڕووبەری هەرێمی شارەکە فراوانتر دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە، بەئاگاداربوون لە دووری ماوەی نێوان شارەکان.

٣- .سنوری هەرێمی شاری ڕانیە نەکەوتووە سەر سنوری شارەکەو گەورەترە، ڕووبەری هەرێمی شاری ڕانیە (١٠٣١,٤) کم٢یە، بەڵام ڕووبەری شاری ڕانیە( ١٥,٦٥ کم٢ )یە، بەجۆرێك کە سنوری هەرێمی شاری ڕانیە دەکاتە زیاتر لە ٦٥ ئەوەندەی سنوری شاروانی ڕانیە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان**

**أ- کتێب**

١-.عەبدوڵلا،خەبات، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢-.گەردی، ساکار محمد حسن، ڕۆڵی دانەوێڵە لەدەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك لەهەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

ب-تێزەکان

١- .أحمد، پشتیوان شەفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧، (بڵاوکراوە).

٢- .تۆفیق، پێشڕەو سەمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، (بڵاونەکراوە) .

**ت- چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان**

١- .حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، پرۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، ٢٠٠٨.

**پ- دام و دەزگا حکومیەکان**

١- .حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری بەشی GIS، ٢٠١٠.

هەواڵنامەی کتێب

٢- .حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆكايەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە،٢٠١٠، بەپێوەری ١:٥٠٠٠.

٣- .حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئەنجامە سەرەتاييەكانی كاری ژمارەلێدان و گەمارۆ (الحصر والترقيم) تايبەت بە سەرژمێری گشتی دانيشتووان بۆ شارنشين و گوندنشينی پارێزگای سلێمانی بە پێ ی قەزا و ناحيە و شارەوانی، ٢٠٠٩.

ج- نەخشەو ئەتڵەسەكان

١- .حداد، هاشم ياسين حمدأمين و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی كوردستانی عێراق- عێراق و جيهان، چاپی يەكەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

دووەم : سەرچاوە عەرەبيەكان

ا- كتێب

١- .أبوصبحة، كايد عثمان، جغرافيا المدن، دار وائل للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٣.

٢- .اسود، فلاح شاكر، علم الخرائط (نشأته وتطوره و مبادئه)، بيت الحكمة، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٩.

٣- .الاشعب، خالص حسن، إقليم المدينة (بين التخطيط الاقليمي والتنمية الشاملة)، بيت الحكمة، مطابع التعليم العالي، الموصل.

٤- .العشاوى، عبدالحكيم ناصر، جغرافية المدن، المكتبة الجامعى الحديث، ٢٠٠٨.

٥- .المظفر، محسن عبدالصاحب، جغرافية المدن، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠١٠.

٦- .الهيتى، صبري فارس، جغرافية المدن، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠١٠.

٧- .سعدى، محمد صالح سعدى، التخطيط الاقليمى (نظرية، توجه، تطبيق)، بيت الحكمة، مطابع التعليم العالى، الموصل، ١٩٨٩.

٨- .حمدان، جمال، جغرافية المدن، عالم الكتب، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٧٧.

٩- .خطاب، عادل عبدالله، جغرافية المدن، مطابع التعليم العالي، الموصل، ١٩٩٠.

١٠- .طالب، جزا توفيق، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في أقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.

أ- تێزەكان

١- .عبدالله، هەلەت رشيد، علاقة المناخ بانتاج التبغ في المجافظة السليمانية، رسالة الماجستير، كلية التربية، جامعةلموصل، ٢٠٠٦، (غير منشورة).

**Abstract**

**Determining Ranya Urban Region according to Breaking-Pint Method**

Investigating Urban Region has a special place in urban studies, because urban region is one of the types of geographical regions but has different characteristics that make it unique and different than Topographic and Climate regions. Urban region is an organized region that is created by humans; it is not stable and the characteristics of economic region are more obvious and apparent. This type of region is divided based on production and movement distribution.

The main aim of this paper is to determine the urban region of Ranya. The study has used a statistical tool which is the breaking point method. The method is used to determine the expansion of the city and the area and its impacts on its surroundings.

In order to achieve its objectives, comparative method has been used combined with quantitative method to determine Ranya Urban region.

The study has concluded that the urban region expansion is associated with population growth of the city. There is positive relationship between population growth and urban region expansion, and the reverse is true. Furthermore, the region of the city is larger than the city borders.

هەواڵنامەی کتێب